Kurdistannet کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
30-8-2006 15:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەیروسەمەرەلەکۆنفرەنسەناوچەیی یەکانی یەکێتیی دا! ... مەحموود حاجی عومەر

بڕیاروایەلەچەند ڕۆژی داهاتوودا لەناوڕێکخستنەکانی یەکێتییداهەرلەبنکەی خوارەوەی ڕێکخستن تائاستی ئۆرگانی (مەکتەبی ڕێکخستن) هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ وهەیکەلی نوێی ئۆرگانەکانی:
(پۆل، کەرت، کۆمیتە، مەڵبەند) بەهەڵبژاردن دابڕێژرێتەوە.. جا تاچەند ئەوبڕیارەجێبەجێ دەبێت وهەڵبژاردنەکەدەکرێت؟ئەوەیان شتێکی ترە!!چونکەدەبوو لەمانگی 7حەوت ئەنجام بدرایە!.
بەهەرحاڵ، بۆئەومەبەستەمنیش لەسونگەی هەست کردن بەلێپرسراوێتیم بەرامبەر بەو چارە نووسەو پەرۆشیم بۆسەرکەوتنی پرۆسەکەو دڵسۆزیم بۆ یەکێتیی، وەك هەرخەمخۆرێکی ئەو حیزبە، لەماوەی ڕابردوودا ڕاوبۆچوونی خۆم خستەڕوو. لەدووتوێی بابەتێکداو بەدوو بەش لە ڕۆژنامەکانداکەوتە بەردیدی خوێنەران وزۆرێک لەکادران و ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان... بەڵام دیارەکارلەنووسین ورێنمایی وبەرژەوەندی گشتی باڵای یەکێتیی وگەڕانەوەبۆ سەرەتاکانی ئەوڕێکخراوەو پەرۆ 'd4®? بۆچاکسازی وپاکسازی وپاراستنی گیانی یەکڕیزی وتەبایی هاوڕێ یەتییدا نەماوە !!!
جانازانم ئەوئاوەلەسەرەوەئەڕژێنرێ وا لەخوارەوەپێێ تێئەخشێنرێ؟! یاخود هەرخوێن گەرمی ڕیزەکانی خوارەوەیە؟. ڕاستەلەخوارەوەگیانی قبوڵ نەکردن وململانێکەزۆرسەختە. بەڵام ئەوەش بێ داینەمۆو بێ پاڵپشتی سەرەوەنابێ!. چونکە ئەگەر لەسەرەوەپرنسیپ ودیسپیلین ی حیزبی ڕەچاوبکرێ، خوارەوەش هەربەوئاقارەداگوزەر دەکات...
خولاسە، من پێم وابوو دونیاکەگۆڕاوەلەبەرئەوەی گەمارۆی ئابوری نەماوەو خەڵکی بەگشتی وەزعی ماددی ومەعیشی لەجاران باشتر بووەوپێویستەمرۆڤیش نەفسییەتی بەرزتر بێت. مۆراڵی شۆڕشگێڕانەگەر بەرزیش نەکرێتەوە، بالەدۆخی جارانی خۆی دانەکشێ! کەچی ئەگەرلەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا بەراوردی بکەین دەبینین هاوکێشەکان تەواوپێچەوانەن!. دەبێ بڵێین
(ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار) .
جاران خەڵکی وەکو ئێستاش تێروپڕنەبوو، بەڵام بەرچاوتێرونەفسییەت بەرزتربوو، ڕیکلامی هەڵبژاردنەکان و وەعدو وعودەکانیش تاڕادەیەک مەعنەوی وسیاسی وتەنزیمی وبۆبەرژەوەندی گشتی بوو.، گوڕوتەوژم دان بوون بەیەکێتیی. فەسادی و دزی وجەردەیی وعەشرەت بازی ناوهێنانیان عەیبەبوو... هیچ کات بە هیچ کەسێك نەدەوترا:
-وەرەئەوەپارچەیەک عەرزەبۆخۆت بیفرۆشە! (هەرهیچ نەبێ بایی دەفتەرێکە بۆیەک دەنگێ) !!.
ئەمەجگەلەوەیپێشتریش ئەگەردووانی وەرنەگرتبێ زەویەکی تریشی هەر وەرگرتووە!
-نەك تەنها خۆت ژنەکەشت خانەنشین دەکەین.. (لەژیانیا ژنەکەی شاخی نەدیوە) !.
-تۆلەعشیرەتی خۆمانی چۆن دەنگ بەفلان کەس ئەدەی؟ (کەواتەمەسەلەکەشەڕەعەشیرەتە!) .
-فلانەکەست بۆ دەکەین بەسرك!.. (خەڵکی وا کراوەبەسرک نازانێ (سرک) کورتکراوەی چیە؟!)
-فەرمووئەوەدەمانچەیەك، داوای لێبوردن ئەکەین کەممان بەزۆر بزانە!دەتبەین بۆلای فلانە مەسئولیش!. (با بەیعەتی تەواو بدا سقەنیەئەمرۆلەم بەرە سبەیشەولەوبەرە!) .
-وەرەسوێند بخۆ پەشیمان نابیتەوە؟ (قورئان وتلاق هەزاربەفلسێ، هاوسێ لەهاوسێ گرتوویە سەراسێ!) .
-مامۆستا فلان ئەوکلاشیکۆفەموزەللیەهەدییەی جەنابتە!بەخوا تەققەی نەکردووە! (ئاخر سالەمزەللی م بیستووە، بەڵام مامۆستا مزەللیم نەبیستووە) ! هەقەمامۆستا بڵێ لەجیاتی چەك قەڵەمێک وڕۆژمێرێک

بدەن بەمن!. ئاخرمامۆستاوموزەلی کوجا مەرحەبا؟!چەکی دەستی خۆنەوار قەڵەمە نەك کلاشیکۆف ودەمانچە... ئا ئەوەیەسەقەت کردنی کادر..

هاتنەسەرەوەی خەڵکی مشەخۆری مەسڵەحی دەبن بەخۆرکەی حیزب، نەک کادیری حیزب.

رۆژ رۆژی ئەندام کەرت وئەندام کۆمیتەیە، بازاریان زۆرگەرمە، بەرناکەون. تاهەڵبژاردن دواکەویت بۆئەوان بەسودو بۆخاوەن کار زەرەر. هەرهەمووی داوای پلەی بەرزتردەکات.

خەریکە وەکو سوپا یەکگرتووەکەی یەکێتی وپارتی ساڵی 1992ی لێ دێ. ئاخرلەوێش هەر هەمووی ئەفسەرودەرەجەداربوو سەربازێک نەمابوو سەعاتێك حەرەسیات بگرێت. ئەڵێن

جاریکیان کارگوزارەکەی قایمقامی خانەقین (مامەحەمە) کەسەربەیەکێتیی بوو، لەپاککردنەوەی مێزەکەی بەردەم جەنابی قایممقام داکەپارتی بووە، نیوەی مێزەکەی سریوە. بەقایمقامی وتووەقوربان فەراشێکی پارتی بانگ بکەبانیوەکەی تری بۆت بسرێ. من وەکویەکێتیی تەنها سرینی نیوەیم لەسەرە!!!. ئەوگیانەی ئەونێوەندەی ئەوسا، ئێستا بەجۆرێک لەناوکادرەکانی یەکێتیی و تکتولاتدا رەنگی داوەتوەتا میل هێنانەوەی چەکی حیمایەکانیش لەیەکتری.. لەهەردووبەرەکەبەعامی ئاشکرا حیمایەش جنێوبەمونافسی مەسئولەکەی دەدات.. مۆرەلەیەک کردن وچەقۆ لەهەسان ساوین لەزیادبووندایە. خواب! کات ئەنجامەکەی بەشەریش تەواونەبێت!

هەڵبژاردن بۆچاکسازی وپاکسازی بریاری لەسەردراوە. گوایەبۆنەهێشتنی یان هەرهیچ نەبێ کەم کردنەوەی تکتولاتە.. بەلام ئەم زەمینەی ئێستالەبارە، وەك کێشەکان مەیسەرناکات، تەواو زەق تری کردەوە!.. ئاخۆ پاش هەلبژاردن چۆن کارکردن پێکەوەدەکرێت؟ خۆحەتمەن ستافێك هەرسەردەکەوێت.. لەراستیدا لەهەردوو تکتولەکەخەڵکی باش ودڵسۆز هەیە، پێچەوانەکەشی!.

-برادەرێک پێشمەرگەی کۆن وەپارتیزان ودانەبرواو کەبەیەك چاوی سەقەتەوەسێ ساڵی پاش ئەنفال لەگەرمیاندا بەپارتیزانی ماوەتەوە. لەوماوەی رابردووەداتەلفۆنی بۆکردم وتی نان برکراوم.

واتاموچەی مانگانەکەیان بریوە! ئەگەر دۆستایەتیت لەگەڵ کاک مستەفای سەیدقادروکاک دلێری سەیدمەجید هەیەبەلکوهەوڵێکم بۆبدەی بچمە لایان تابۆم چاکبکرێتەوە. منیش وتم برادەرلەخۆراچۆن مووچەت ئەبرن؟حەتمەن یان بەسەهوو بووە، یاخودلەشوێنی تر راتبت هەیە، یان شتێکت کردووەبێ مەلامەت نیە. یان لەفیئەومیئەی. ئاخرفیئەوەمیئەش لەئارادایە!.

کێ تەماحی مووچەیەکی ئاسایی تۆئەکات؟

برادەرەکەوتی لەسەرئەوەیەگوایەمن جنێوم بەبەرێزمام جەلال داوە!.

منیش وتم جا تۆ بۆجنێوبەمام جەلال ئەدەی؟چیت لەو غەڵەت کردنەدەست ئەکەوێ؟

ئەمەجگەلەوەی برادەرەکەهەزارویەك سوێندی خواردکەشتی وانەبووە.

دواترپێش چووبوە لای کاک مەحمووسەنگاوی ئەویش ناردبویە لای کاک دلێری سەیدمەجید راتبەکەیان بۆی چاککردبووەوە..

بەرای من مام جەلال قەت لەگەڵ ئەونان برینەنیە. رەنگەبەومەسەلەیەی بزانیبایەسزای توندی ئەوانەی دەدا کە لە سەرئەوجۆرەکارانەپێشمەرگە موچە بر دەکەن.

مام جەلال کۆمەڵێ خەسڵەتی بنچینەی هەیەکەیەك لەوخەسڵەتانەدڵپاکی و دڵفراوانی ئەو سەرکردەیە. کەمن وەکوونموونەهەندێکیان باس دەکەم..

1- کاک ئەبووشەهاب کەرکووکی لەشاخ جارێکیان بەتەجمیدکردن سزا ئەدرێت وبۆماوەیەکی زۆرلەشاربازێر بێکار دەسورێتەوە. حەتمەن بۆدەردەدڵی خۆی لێرەولەوێ قسەی کردبوو. ئەوقسانەی ئەبووشەهاب بەترشوخوێ کراوی یەوەگەیەنرابوەسەرکردایەتی ومام جەلال. پاش تەواوبوونی ماوەی تجمیدییەکەی دەچێتەوەسەرکردایەتی وحاکمێکی دڵگەرم کەتازەهاتبووەدەرەوەولەگەڵ کاک ئەبوشەهاب یەک ناناسن. بەئەبوشەهابی وتبو تۆ جنێوت بەمام جەلال داوە؟. ئەویش وتبوی نەخێر.

وتبوی بەڵێ تۆجنێوت بەمام جەلال داوەوحەقت مەحکەمەیە، من وەك حاکمێک تەحقیق لەو مەسەلەدەکەم. ئەبوشەهابیش هەڵئەسێتەگیان حاکمەکەو ئەڵێ بەڵێ من جنێوم داوەوئێستاش تۆو مام جەلالیش (..... !) بەجنێودان وبۆڵەبۆڵ ئەڕوا. ئەم هەواڵەئەگاتەمام جەلال ومام جەلالیش ئەڵێ گەردنی ئازابنێت ودەستی خۆش بێت.. من کەی وتوومەئەبوشیهاب لەسەرمن محاسەبەبکەن؟.

ئەمەساڵی 1995لەدەمی بەڕێزمام جەلالەوەمن ئەمەم بیست. کەئەودەمەکاک ئەبوشهاب پارێزگاربوو کاک عیماد ئەحمەدیش لێپرساوی مەڵبەند بوو. مام جەلال ڕێنمایی دەکردن بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتربن. بەکاک عیمادی ئەوت کێشەلەگەڵ ئەبوشیهاب دروست نەکەی، ئەبوشیهاب چەندین جارجنێوی بە سکرتێری گشتیش داوە!...

2- ئەوەبابەتەکەی نووسەر محەمەد موکری ڕۆمانی (سەگ وەڕ) . لەشاخ هەمووماندەزانین!.

3- جارێکییان برادەرێک دەچێتەلای مام جەلال وپێی ئەڵی مام جەلال ئاگات لەوەهەیەڕەفیق پشدەری چۆنت لەسەرئەنووسێ وچۆن جنێوی پێداوی؟ مام جەلال یش دەڵی بەڵێ ئاگام لێ یە، هەرچی وتووەڕاست ئەکا زیادەی نەوتووە! گەردنی ئازابێت!.

4-ساڵی 2000لەقەلاچوالان لای مام جەلال کۆبونەوەی کادیرانی مەڵبەندومەکتەب ڕێکخستن هەبوو، لەپەراوێزی کۆبوونەوەکەدا برادەرێک ڕاپۆرتێکی بەعەرەبی نووسراوی پێپیشان دام، وتی ئەم ڕاپۆرتەیان داومەتێ چۆنی بدەم بەمام جەلال؟شەرم دەکەم. منیش وتم وەرەپێکەوەدەی دەینە دەستی.. مام جەلال لەگەل کاک کەمال فوئادوکاک ئەرسەلان بایز وەستابوون. ئێمەش داوای مۆڵەتمان لێکرد، تۆزێك لەوان دوورکەوتەوەوبرادەرەکەڕاپۆرتەکەی دایەدەست مام جەلال. ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەهەمووی جنێودان وقسەی ناشرین بوو بەجەنابی مام جەلال هەرلەساڵی 1966وەهێنابوی تاگەردەلوولی تۆڵە!کەلەنووسینی ئەندام لقێکی پارتی بۆ لقی خۆیان ومەکتەبی سەرۆکی نووسیبوو. ڕاپۆرتەکەبەناوی تەواوئیمزای خاوەنەکەیەوەوێنەئەسڵی یەکەی دەست ئێمەکەوتبوو. براوکەس وکارەکەشی ناوخۆمان دا کادرو مودیرعام بوون.

مام جەلال کەڕاپۆرتەکەی خوێندەوەدایەوەدەستی برادەرەکەم و پێی ووت ئەوانەشتی شەخسینە، هەرهەمووی جنێودانەبەمن. ئەمەچیە؟؟!ئەولەوێ یەمەجبورەوابنووسێ. ڕەنگەبراکانی خەڵکی زۆردڵسۆزبن. خۆتان بەشتی لەم بابەتەوەخەریک مەکەن. لایبەفڕێ یدە.. خەڵک جنێو بەخودای گەورەدەدا ڕۆڵە.. ئەوکابرایەخۆکفری خوای نەکردووەکوڕم... !

برادەرەکە شم هەر پەشیمان بووەوە.

5-جنێودان وکاریکاتێری ڕۆژانەوبەردەوامی سایتەکانی ئەنتەرنێت ورۆژنامەکان باشترین گەواهین... بۆ زمانحاڵی یەکێتیی ناتوانێ وەڵامی ئەوانەبداتەوەگەرمام جەلال پێی باش بێت؟!

ئەمەودەیان شتی ترکەچەندین جارمام جەلال هەرلەکۆنەوەتاوەکوئێستا دەیوت ودەڵێ بەچ چەکێك شەڕیان کردن بەوچەکەوەڵام بدەنەوە. ئیجرائاتی نابەرامبەر نیشانەی لاوازییە.

ئیترچ پێویست دەکات هاوڕێ وهاوسەنگەروپێشمەرگەیەکی پارتیزانی خواری خوارەوەکەلە هیچەوەدیارنیەلەسەرجنێوێك نان براوبکرێت. وا جنێویشی دا، ئەوجنێوبدات باشترە لەکەسێك کەتاکەنیوسەعات حەرەسیاتی بۆکوردوکوردستان نەگرتووەوئێستالەپشتی کۆمپیوتەرەوەبەڕاست وچەپدا دەڕشێتەوە..

مام جەلال ئەو شتانەی لەسەری دەنووسرێن، ئەوقسەوقسەلۆکانەی پێێ دەکرێن، ئەوجنێوانەی پێێ دەدرێن، ئەیبیسێتەوە. من دڵنیام کەم کەس هەیەئێستاش بەقەدەرمام جەلال شت بخوێنێتە وە. کەم بابەت هەیەنەیبینێ. یەک نموونەش بۆئەوە:

جارێكیان لەساڵی 99- 2000بەڕێوەبەری فەرمانگەی كارەبای كەلار بەشێوەیەكی ناشەرعی كارەبای بەردەوامی بۆچەندماڵەمەسئولێكی یەكێتیی لەكۆمیتەوەڕاكێشابوو، بێ ئەوەی من وەكو لێپرسراوی كۆمیتەی كەلار بەو كارە بزانم!.

دوای ئەوەڕۆژنامەنووسێك لەڕۆژنامەی كوردستانی نوێ لەسەری نووسیبوون. هەرئەو ڕۆژەپێش كاتژمێر 8هەشتی بەیانی مام جەلال تلفۆنی بۆماموٚستاجەلال جەوهەركردبوو، وتبووی ماموٚستاجەلال كوردستانی نوێ دەخوێنیتەوە؟!ئەویش وتبووی بەڵێ مام جەلال.. وتبووی ژمارەی ئەمڕۆت خوێندووەتەوە؟وتبووی نەخێر هێشتا پێم نەگەیشتووە. مام جەلال یش وتبووی دەیباشەكەی پێت دەگا؟ ڕۆژنامەدەبێ بەرلەنان وچای بەیانی بخوێنرێتەوە!! تۆكەی دەیخوێنیتەوە... هەرئێستا سۆراخی بكەوبڕوانەلەلاپەڕە3سێ هەواڵ_ 42?ك بڵاوكراوەتەوەلەسەرزیادەڕۆی كارەبای كەلار، بزانەئەوەچیە؟!. بەندەئەودەمەلێپرسراوی كۆمیتەی ڕێكخستنی كەلاربووم هەرهەمان ڕۆژلەكاتژمێر11ی پێش نیوەڕۆ مام جەلال بەبروسكەلەهەمان مەسەلەو بەهەمان تەعبیر منیشی ئاگادار كردەوەو

نووسیبووی: سبەی سەعات 9ی بەیانی لەبارەگای سكرتێری گشتی لەسلێمانی ئامادە بە!!.

بەگەیشتنی من یەك لەبرادەرانی كارەبای دایم یش گەیشتەسكرتارەیەت.

بەهەرحاڵ لێرەدامەبەستم وریایی وموتابەعەی مام جەلالەلەڕووداوەكان.. ئەگەرچی بەشێكی زۆر لەڕوداوەكانی بەسدقەوەوەكوخۆی پێناگەیەنن.

بەداخەوەهەرلەبەیانی تائێوارەكاری باشەوخزمەت بكەكەس نایگەیەنێ. بەڵام كەجنێوێكتدادەیان كەس خێرا دەیگەیەنن!بۆ ئەوپێشمەرگەیەبڕواناكەم كەسێك وتبێتی وەها دانەبڕاوەو وەها تێكۆشەرەو وەها 3سێ جاربریندارببووەو میدالیای قارەمانی وپارتیزانیەكەی بەدەستی خودی جەنابی مام جەلال كراوەتەگەردنی و وەهاو وەها... ؟؟! بەتەئكید نەخێر.

كاك دلێری سەید مەجید كەهەم پیاوێكی ماندووەلەپێشمەرگایەتی داوهەم نزیكترین كەسێكەلەمام جەلالەوەو لەهەموومان باشترقاڵبووی ئەومەسەلانەیە. بەتاییەت هەرلەسەرمەسەلەی پارەدەیان جار ڕوو بەڕوو جنێو بەخۆی دراوەهەرگوێشی نەداوەتێولەدڵیشی نەگرتووەبۆئێستا موچەی پ. م ڕەمەزان حەمەعەلی ببڕێ؟دەكرێ بڵێین ئەمەش ماستی بێموو نیەو پەیوەندی بە سەیروسەمەرەی هەڵبژاردنەوەهەیە. چونكەكاك دلێر ڕەمەزان ناس نیە. دەهێندەی تر پارتیزان بێت.

- برادەرێكم وتی لەوماوەیەدا چوومەتە یەكێك لەفەرمانگەحكومیەكان، جەنابی بەڕێوەبەر برادەرێكی لابوونەفرەتی لەوتكتولاتەدەكردوبەزەیی نامەی خۆی بۆ یەكێتیی لای كاكی مودیر دەهۆنیەوە. ئەویش وتی بابەوازمان لێبێنەخواڕەحمی بەئێمەكردووە، بەوخوایەئەوتكتولاتەنەبوایەولەگەڵ یەك باش بن قوڕبەسەرئێمەئەكرێت. هەرئێوارەدەرمان ئەكەن. ...!

خۆش ئەوەیەتەرەفێك ناوی لەخۆناوەباڵی مام جەلال. تەرەفێكی تریش گوایەدژەمام جەلال!

لەكاتێكدا مام جەلال بەعامی ئاشكرا لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوەئەڵێ (كەس باڵی من نیە) .

ئەی كامەیان باڵی یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان ی خاوەن دەریایەك شەهیدە؟؟!. كام باڵی تەكتول بۆبەرژەوەندی گشتی خەڵكی وبۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگای مەدەنی وئینجا پەرەسەندنی یەكێتی یە؟بەتەئكید هیچیان.

-پێش ئەوەی بریاری هەڵبژاردنەكان بدرێ لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەوپرۆژەكارییانەدا كەگوایە بۆچاكسازی ناوڕیزەكانی یەكێتی وپاكسازی كادیروفەرمانبەرەحیزبی وحكومییەكان خرانەڕوو، برای بەڕێزكاك نەوشیروانیش پرۆژەی خۆی پێشكەش كردو ئەوەی لەهەمووی سەیرتر كە سەرنجی منی ڕاكێشا دوا وتەی كاك نەوشیروان لەنووسینی پرۆژەكەی دا ئەڵێ: هیوادارم ئەم پێشنیارانەم بەنیەت پاكی لێوەربگرن!!!

30-8-2006 15:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کاک نەوشیروان جێگری سکرتێری گشتی وسکرتێری پێشووی کۆمەڵەکەزۆرینەی یەکێتی لەخۆگرتبوو دەپارێتەوەکەپرۆژەکەی بەنیازپاکی لێوەربگرن. (پیاوبەزەیی پیادێتەوە) .

ئەوەدەلالەت لەوەدەکات لەناوڕیزەکانی یەکێتی یدا بەتایبەت ڕێکخستن کەلێنی گەورەی بێ بڕوایی لێ کەوتووەتەوەکەبەگولاج چارەسەرنابێ و پێویستی بەعیلاج هەیە. ئەوکەلێنەزۆرەهەوڵ و ماندووبوونی زۆری دەوێ. چەکوپینەدادی چارەسەری بنەڕەتی وبوژانەوەی یەکێتیی نادات.

. هەرشتێ بەپارەی بەفر بکڕێت بەرگەی گەرما ناگرێت!.

lashkr10@hotmail. com